رۆمان

# مۆسیقای مەرگی ناوەختە

## نوسینی :صلاح جلال

چاپی یەکەم 2007 چاپخانەی ئاسمان

PDF4Kurd

## چرپەیەك

بەراستی توانم پێشەکی بۆ ئەم رۆمانە بنوسم کە یەك رستەو یەك ساتە وەختە و کە زۆر لە رەخنەگران لەسەریان نوسیوە (سیامند هادی ،صابیر رشید، ئاواتـ عیمان ، جلیل کاکە وەیس ،مالك محمد، وچەندانی تر کە سوپاسی رۆشنبیری ئەوانە دەکەم .
خواتی ئەم رۆمانەشم دایە کۆمپیوتەرێك بە 800 دینار تەنها لە تواناییەك خۆم هەڵە چنیم کرد کاتێك کردمانە کتێب بینیم هەڵەکان چاك نەکرابون گوتیان خەزن مان بیر چو بۆ کە ئەوەش لەسەر ئەرکی کاك غەفور مەخموری بو کە 2500 دیناری دامێ واییە بە قەڵەم هەڵەکانم چاك کرد کە زۆر بون ناچار پاش ماوەیەك بە ئەرکی خۆم لێم راکێشایەوە کە فلۆپیەکەش نەکرایەوەو لەسەر هەمان فۆنت و هەڵەی چاپکراوی زۆ رامکێشابو ئەوە چاپەی زۆر خراپ بو بۆیە ئەمجارە لە چاپ خانەی ئاسمان وەکو هەمو کتێبەکانی ترم چاپمان کردەوە کە وا دەڵێن لاوو کاریان کردم لە تایپ کردنی وە لێرەدا هەڵەکانم راست کردۆتەوە و تواناییتم کارم تیا کردوە لە گۆرانکاری ورد تیایدا لێرەش تەنیا ئەم تایپە پشتی پێ دەبەسترێت و هەر بە چاپی یەکەم بڵاوی دەکەمەوە تالایەك لە سەر زەوی کتێبەکانم چاپ دەکاتەوە و لە ئاسمان رایدەکێشێت وەکو کۆلارە خەیاڵیەکانی ناو ئەم رۆمانە چاپیان دەکات کە ئێستا 14 ن

صلاح جلال

2007/9/16

ئەنتەرنێتی شار

کەچی لەو گولە بارانەدا ئەو هەستە گۆڕا تۆڕی شۆڕش و سیاسەت گرتیەوە لەو چەند ڕۆژەدا دەرکی پیٚ کرد بو ئەو بەیانی یەش کە بە شەڕواڵ و مرادخانی یەکەوە چوە دەریٚ زانی بەرەو ڕوی گولە دەچیٚت ویستی ڕیٚ ی لیٚ بگریٚت و نەهیٚلیٚت بڕوا لە پڕ قسەی منالەکەی بیرهاتەوە کە سیٚ ڕۆژ لەوەبەر وتی : داگیرکەر سەردەبڕین لە پیٚناوی نیشتماندا مردن چی یە .. ئەوەی گوت هەلٚ بەزی یەوە ئەویش پیٚی گوت : تۆش شەڕ دەکەیت .. بە توڕەیی یەوە قاچی بە زەوی یەکەدا کیٚشاو وەلاٚمی دایەوە : من کوڕی ئەم خاکە نیم خالەکە ؟ ئەم قسەیە بروسکەی بە میٚشکیدا هیٚنا و بە تەریقی یەوە سواری عەرەبانەکەی بو لەو ساتەشدا ئەوەی بیر هاتەوە ساتیٚك لە ژیٚر جاجمەکەیەوە سەیری کرد ئەوسا چاوی نوقاندەوە ئەویش بە تیژی دەرپەڕی کاتیٚك دەنگی تەقە بەرز بوەوە خەوەکەی شەویٚی بیر هاتەوە وەکو توشی نەخۆشی یەکی سامناك بو بیٚ لەگەلٚ هەنگاوەکانیدا ڕیشالی خەوەکەی شی دەکردەوە : دانم کەوت زانیم کۆست کەوتنی لەدواوەیە ڕۆلە ڕۆ .. چەپۆکیٚکی بە خۆیدا کیٚشا کاتیٚك تەرمی خەلکی هاتە بەر چاو وەخت بو زراوی بتۆقیٚ لە تاوان بەرەو خوار کشا و بە هاوارەوە خۆی هەلدایە ناو جەستەکان لەبەر دەست ڕیٚژ و گولەدا باوەشی بەتەرمی کوڕەکەیدا کرد دەمی خستە ناو خویٚناوەکەی و بە پڕتاو تەرمەکەی کیٚش کرد لەوکاتەدا خەلکی بە هانایەوە هاتن و قا چ و دەستیان گرت و ڕزگاریان کرد لە ناو خویٚناوی مەیوەوە مۆمیا ببو کاتیٚك بە خۆی زانی جیهان لە بەر چاوی دا ببو بە شەپۆلی خویٚن ڕەنگی سور ببو سەر زەوی لیٚ تەندرا کشانیٚکی خۆکرد لەبەرچاوی دا مایەوە لە ناو چرپەو لە خۆدان و گریانی خەلکەکەدا گیٚژ ببو : ئۆف ژنەکەشی مرد.. داخەکەم بە مندالەوە بو .. بەم قسەیە وشك هەلهات بروسکەی مەرگیٚکی خۆکرد سەرتاپای جەستەی ڕادەوەشاند هیٚز و بڕستی لیٚ بڕی تریشقەی هەزاران هەوری خویٚناوی لە میٚشکیدا کەوتە لیٚدان چەخماخە و بروسکەی ناجۆر بورکانی میٚشکیان دەشلەقاندەوە هیٚستریای مەرگ ببو بە چەرچەفیٚکی سپی خویٚناوی وەکو دەوار جەستەی پیٚچایەوە لەناو شەپۆلی کۆچەریەوە بە گۆڕو گۆڕستانەکانەوە کەوتە سوڕانەوە وەکو خۆی مایەوە وەکو ئەم ساتەش لە سەر تەرمەکەی دەبینرایەوە شالٚ سپی لیٚوەکانی وشك ببون وەکو ڕۆژانی تر دەیویست گویٚی بە قریشکەکانی پڕ ببیٚت ئەوسا بەسەر ئازارەکانی مرۆڤایەتی دا بچیٚتەوە بە دریٚژایی ئەو ماوەیە هەولی دا نەیتوانی بچیٚتە ناو ئەو شەپۆلە بڕوا داری یەی ئەوەوە چەند باسی سەر گوزشتەی گۆڕو خەلوە و کارەساتەکانی بۆ کرد بو تویٚشە بەرەیەکی زۆری بۆ والاٚ کردبوەوە کەچی هەمو ئەو شتانەش نەبونە هۆی ئەوەی لاسایی بزوتنەوە بروسکەیی یەکانی ئەو بکاتەوە کاتیٚك ویٚنەکانی ئەوی دەخستەوە بەر چاو کە لە گۆڕەکەیەوە دڕی بە گەلاٚی وەریو دەدا وەکو هەڕەشە لە مەرگ و ژیان بکات لەو ساتەدا هەمو جەستەی دەلەرزی لەو ساتەشدا چەندە ویٚنەی هیٚنایەوە بەر چاوی چاری نەبو شالٚ سەوز ببوە ئەستیٚرەیەکی نەمری لەلای بەو هەمو بیرەوەریەی جارانی وای دەزانی هەلمی تاریکی و ڕونی لیٚ دەکشیٚ ویٚنەی گڕی دۆزەخ و تریفەی ئاوی کەوسەر ئیٚستاش جەستەکەی لەبەر چاوی دا ئەو شیٚوەیەی گرتبو دلی لە ترپەی لیٚداندا بو بۆ ئەوەی بە قریشکەیەکی جەرگ بڕەوە ڕابپەڕیٚت دیوارە ئەستورەکانی خەیالٚ و بیرکردنەوە و ئەفسانەی بڕمیٚنیٚت و پیٚناسەی بونی خۆی دەربخات بەلاٚم جەستەکە ئەو هیوایەی دەمراند کەفەکەی سەر لیٚوی دلە خورپەیان پیٚ دەکرد کات ژمیٚری ڕاست بونەوەی شالٚ سەوز مۆسیقای ترسناکیان دەژەند میلی لە کاتی خۆیدا ترازا بو سەرتاپای سروشتی گۆڕستانەکە چاوەڕوانی هەستانەوەی ئەو بو ئەویش لە مەداری خۆی دەرچو بو هۆشی لە زەنگی ڕاچەنیندا خنکا بو کفنە سپی یەکانی بە ئاشکرا وەکو کەشتی مردن شالاٚوی مەرگی ناوەختیان دەکیٚشا و بانگی مردنی خەلیفە شالٚ سەوزیان بە گویٚی شاخ و کیٚو و گردو تە پۆلکەو گۆڕو گۆڕستاندا دەدا

*   *   *

چەرچەفە سورە خوێناوییە لە جەستەیەوە دەئالاّ هەتا ڕاست بووەوە سەری ڕوشا و چڕ وچاوی خوێناوی بون دەستی بەناو هەواکەدا کێش دەکرد هەزاران نەشتەر و درکی ئەلّماس دەوریان تەنی بو بەهەر لایەکدا خۆی وەردەچەرخاند هەستی دەکرد نوکێکی تیژی لیّ هەڵدەچەقێت لەتاوا بە کولّ گریا و کرۆزایەوە شالّ سپی دەستی گرت و بردیە لای مەرقەد ئەویش پەڵەی فرمێسکی خوێناوی دەڕشت ئەوسا ڕوی وەرگێڕا شالّ سپی باوەشی پێدا کرد و لەسەر تەختە بەندەکە رایکێشا ولە ژێر دار قەزوانەکەوە هەتا نیوە شەو چاوی تیّ بڕی تیشکی مەرگاوی چاویان دەگرتەوە لەگۆڕەوە بۆ بێشکە و لەوەوە بۆ مردن لە نیگایدا دەپرینگایەوە لەم ساتەشدا جەستەی لەبەر دەمیدا کەوتبو مۆسیقای مەرگی ناوەختەی لە گۆڕستانەوە لێدەدرا ئەویش بێدەنگ و خامۆش و لە شێی تاریکی و تەم و مژی نادیاری سەر تەرمەکەیەوە هەناسەی مردن دەبینرا و تۆوی ڕاست بونەوەی گەشەی دەکرد وەکو چرۆی تازە دەردەهات لەبەر چاوی هەمو روانینەکان مژدەی لەدایك بونێکی نوێی پەخش دەکردەوە و روخساری ماتەمینی دەکشان و پەرش دەبونەوە وێنەیەکی کامێرایی خێرا بون تابلۆی ژیانە پر لە ئەشکە نجەکەیان نیشان دەدا وەکو جالّجالۆکە ئاسمانیان دەتەنی و زەویان داگیر دەکرد لە جەستەی دروست کەری گەردونەوە دەئالاّن هەمو شتێکیان دەخنکاند شالّ سپی چاوەکانی لێلّ ببون لە دار و درەخت و دەوەن و گولّ و بنجگ و کانیا و و چۆم و دەریا و تاڤگە و فوارە و شیّ و باران و بروسکە و رۆژ و مانگ و ئەستێرە وە پیا هات هەموی لە جەستەی شالّ سەوزدا بەسەر کردەوە هیچ شتێك لە ناواخنی دەرنەدەچو چۆن لەمێشك و دلّ و خوێنی شالّ سەوزەوە ئالاّ بو سی سالّ بو تالّ تالّ لە جەستەیدا خڕ دەبووەوە و مێشکیان دەتەنی هەتا بون بە شارای تەم و مژ و خومار و گەردەلول و خەزان و با و بۆران و تەقینەوە هەر لەو کاتەی گەواڵە گەواڵە لە دورگەکانی گەردونەوە کۆچیان دەکردە ناوی هێندەی تریان دەئاوساند پێشبینی گۆڕ هەڵکەنەکە و هەمو ئەوانە بەلایدا ڕابرد و بە هێزێکی خەفەوە قریشکاندی دوای ئەوە لەرز گرتی و یادی ئاراسی کەوتەوە وێنەی جەستە بە گولە دابێژراوەکەی دیەوە بە سینە شەق بوەکەیەوە سەر هەتا پا خوێناو بەو جۆرە لە گەڵیدا کەوتە قسە : ئای ڕۆڵەکەم ئاراس وەرە تۆی کۆرپەکەم من کەوتومەتە مەشقی مەرگی هەتایی لەم سەرە مەرگەدا باوەشم بۆ بگرەرەوە.. با دلۆپەیەك لە خوێناوی شەهادەتت بخۆمەوە رۆڵەکەم.. بە خەیالّ باوەشی پیا کرد لە پڕ ئاراس لەبەر چاوی گۆڕا وەکو کۆترێکی سپی سرك لە ئاسمانی روانینیدا نەخشی دەدایەوە دیقە بە دیقەی رۆحی باوکایەتی لە گەڵدا دەکرد وێنەی هەور دەکشا و دەبو بە دلۆپەی نەبین و باوەشە گەرمە حەسرەت کێشەکەی پڕ دەکردەوە و لە شێوەی ئەستێرەیەکی گەشدا روخساری دەنواند کۆرپەکەی تریشی لەگەڵیا ببوە پارچەیەکی تری گەردون و دوکەڵێکی رەشی لێدەکشا و بەناو پەلی ئاسمانەوە پەخش دەبووەوە و تارکایی دەخستە بەر چاوی و ویستی بە هێزی روانینی ئەو تاریکاییە پاکژ بکاتەوە و جیهان لە بۆگەناو بهێنێتە دەر وەکو راوچی گەردونی بە خەیالّ وێنەی کۆلارە تالّی دەزوی گرت بە دەستەوە و هەوڵی دا مەل و باڵندە و ئەستێرە گەشەکان پاکژ بکاتەوە سەدان تاڵە دەزوی تێك ئالاّو پەنجەی گرتەوە یەك بەدوای یەکدا دەکشان و لە هێڵەکانی فەزادا جیا دەبونەوە لە پڕ هەموی تێك ئالاّن ولە دەستی بەر بو چەندە هەوڵی دا چاری نەبو لە تاوا قریشکاندی و پاشان سەری بەرز کردەوە ئەوسا لە ناوەندی ئەژنۆکانیدا لە خۆڵەکەوە هیوا و ئاواتی را ڕفیوی دەدیەوە و بەو بیرەوە کەوتە دەریای خەیاڵەوە ئۆقرەی لە بەر بڕا لە پڕ دەنگی پیکابەکە دای چڵەکاند و لەرزی مەرگی خستە دڵیەوە کاتێکیش لە شار هاتەوە مۆسیقا ناکاتەکان لە دڵیدا دەخرۆشان ئەو لەرزە بو دەمارەکانی گرت جیهانی لیّ بو بە دەمی مشکێکی سەرەتا ناوی بەو قورساییەوە کەوتە سەر بروسکەی مەرگی ناوەختە جەستەی کەوتە سەر خرۆش وایدەزانی بلوێنێك نەشتەری تیّ هەڵدەچەقێت تەنانەت هەوایشی لیّ ببو بە شە پۆلی تیغی خوێناوی و هیچ پەناگایەکی لە بوندا نەدەدییەوە و بە حەژمەتەوە لەناو گیان و ناخی خۆیدا حەشاریدا و چوە ناو گۆڕەکەیەوە و راکشا هەزاران وێنەی رەنگا و رەنگ لەناو زەینیدا وێنەیان دەدایەوە و دەسوڕانەوە و چاو شارکێی مەرگیان بۆ دەکرد و سەدان ڕاوچی بە دەوریەوە خولیان دەخوارد ئەوە یەکەم جار بو بەو چەشنە خۆی لە دەریای ئاگر و ئاو و خوێن و گۆشت و قیژە و هاوار دا ببینێتەوە و بەو جۆرەش توشی کارەساتی وا تۆقێنەر نەهات بو گوێی بە قریشکە بزرنگێتەوە ئەوە لەلای بو بە موعجیزە و نەهامەتی بەو ترسەوە قریشکە لە سەر قریشکەی کرد هەتا تەواو جەستەی بە خۆڵەکەوە تێکەڵاو بو وەك بەشێك بێت لێی بەو جۆرە تەپ و تۆزی سەر نیشت بو سات بە ساتیش خرا پتری لێدەهات هەتا بەتەواوی وشك بو هێز و بڕست و توانای نەما و لە قیژە و هاوار و گڕ و گالّ و گریە کەوت و قاچی بۆ نەدەجولاّ و چاوی بۆ هەڵنەدەهات و شارای گۆڕکەی لیّ ببو بە قە پالّ ونوکە نەشتەری ئاگراوی

